# دووکەرتبوونی مرۆڤ لە کولتووری پارچەپارچەبوودا

## خوێندنەوەیەکی شیکاری شیعری "هێڵی سوور"ی بەرزان هەستیار

ئارام سدیق

### سەرەتا

قسەکردن لەسەر دەق رەنگە قورسترین خاڵی لەوەدا بێت کە بتەوێت شی بکەیتەوە، چونکە شیکردنەوەی دەق پێویستی بە زانیارییەکی زۆر هەیە لە هەموو بوارەکانی مرۆڤناسی کە ئەمەش تا ئێستا لای ئێمە سەرچاوە وەک پێویست دەستناکەوێت، رەنگە نووسەرێک کە بیەوێت شیعرێک شی بکاتەوە کارێکی گران بێت، بەڵام نابێت ئەستەم بێت. دەمێکە لەبارەی گرنگی شیعرەوە "ئەبوتەمامی تائی" پێیوایە داهێنانی شیعر بریتییە لە خەلقکردنی دنیا بەشێوەیەکی تر. هاوکات فروغی فروغزاد دەڵێت: من بڕوام وایە کە کاری هونەری بریتییە لەجۆرێک گوزارشتکردن و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ژیان، ژیانیش شتێکە کەماهیەتێکی گۆڕاوی هەیە. ڕەوتێکە کەبەردەوام لەحاڵەتی شێوە گۆڕینو گەشەو پەرەسەندندایە. دەرەنجامی ئەم گوزارشتەش، کە هونەرەکە خۆیەتی، لەهەر قۆناغێکدا ڕۆحیەتی تایبەت بەخۆی دەبێت. ئەگەر وانەبێت ئەوە لەبنەڕەتدا هونەر نییە، جۆرە ساختەکارییەکە.

شیکردنەوەی شیعر، شیکردنەوەی ژیانە، بۆیە گرنگی هەر تێکستێکی ئەدەبی لەوەدایە ، بەشێک، یان چرکەیەکی لە ژیان بەرجەستەکردووە. ئەو قسەیەی سەرەوەی فروغیش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەدەب بەگشتی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ژیانە لەنێو وشەدا، نووسەران ئەو مەخلوقەن کە بەو دنیایەی تێدا

دەژین رازی نین، بۆیە پەنا بۆ بونیادنانو دروستکردنی دنیای نویَ دەبەن کە دیوارەکانی لە وشەن.

ئەگەر نووسین نەبوایە ئایا دنیا چۆن دەبوو؟! ئەمە ئەو پرسیارەیە کە زۆرجار نووسەران دەیکەن و ناگەنە هیچ وەڵامێک، هەندێک نووسەر دەپرسن ئەگەر کتێب نەبوایە ژیان چۆن دەبوو؟ من دەمەوێت لێرەدا بپرسم ئەگەر ئەدەب نەبوایە ژیان چۆن دەبوو؟ بێگومان یان ژیان نەدەبوو، یان زۆر لە ئێستا ساکارتر دەبوو، چونکە هاتنی کتێبە پیرۆزەکان بۆ سەر زەوی رەنگە بەڵگەیەک بێت بۆ ئەوەی کە خودا ویستوویەتی ئەدەبو نووسین بڵاوبێتەوە تا مرۆڤ خەیاڵ و خەونەکانی بنوسێتەوە، چونکە ئەوە شتێکە حاشا هەڵنەگرە کە مرۆڤ ناگات بەو تموحانەی هەیەتی، بۆیە پەیدابوونی نووسین رەنگە دەرفەتێک بێت بۆ ئەوەی مرۆڤ ژیانی تر ئەزموون بکات، یان هەنگاوێک بەرەو نەمری بنێت. ئەگەر ئەو هەنگاوە تەنها لەنێو دێڕەکانیشدا نەمری بەرجەستەبکاتو تەنها "ناو"ی مرۆڤ نەمربێت نەک جەستە. بێگومان قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە کێشەیەکی گەورەترو ئێمە لێرەدا لەمە زیاتر لێی نادوێین.

ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ شیکارکردنو خوێندنەوەی شیعری "هێڵی سوور"ی بەرزان هەستیار،کە لە ژمارە (788)ی رۆژنامەی ئاسۆ، رۆژی (782008)دا بڵاوبۆتەوە. ئەو شیعرەی زۆر پەنهانی لەخۆگرتووەو دەکرێت لە زۆر رەهەندەوە لێی بدوێین. من لەم نووسینەدا تەنها هەوڵی شیکردنەوەی تێکستەکەو ئەو زەمینەیەی کە تێکستێکی ئاوها سووری لێوە خولقاوە .

لەبارەی ناونیشانی تێکستەکەوە

قسەکردن لەسەر ئەم شیعرە بەبیَ قسەکردن لەسەر ناونیشانەکەی ناتەواوییەک دروست دەکات، بەو پێیەی ناونیشان لەم شیعرەدا تەواو گرێدراوی تێکستە.

هێڵی سوور، تەنها ناونیشانێکی سادە نییە ئێمە بەسەریدا تێپەڕبین، بەڵکو ناونیشانێکە دەکرێت لەزۆر ڕەهەندەوە لێی بدوێین. دەکرێت بپرسین چی هێڵی سوورە؟ کامانەن ئەو هێڵانەی لەم شیعرەدا هێڵی سوورن. ئایا مردن هێڵی سوورە، یان ئەو فەزا سامناکەی ئەم شیعرەی تێدایە، دێڕەکانی ئەم شیعرە بۆنی خوێنی لێدێت، خوێنێک هێشتا ئاڵ بێت و نەمەییبێت. دەکرێت لەلایەکی تریشەوە بپرسین ئایا ژیان هێڵی سوورە؟ بە وردبوونەوە لە کۆی تێکستەکە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ژیان و مردن هێڵًێکی سوور دروست دەکەن، هێڵێک کە بەخوێنی مرۆڤ سوور بووە، واتە لێرەدا مرۆڤ لەو هێڵە باریکەی بەینی ژیان و مردندایە بەرزان دەنوسێت:

یەک هێڵی سوور شک ئەبەم و بەس ،

شکاندنی ، تێکەڵبوونی تخووبی .....

وڵاتە ئاوەدانەکەی ژیان و

خەراباتەکەی مردنە

بێزاربوونی مرۆڤ لە ژیان و بەردەوامبوونی ئەو گەمەیەی پێی دەڵێن ژیان مرۆڤ بەرەو زۆر هێڵی سوور دەبات، کە دواجار کە ناشگات بە مەرگ شوێنێک دەدۆزێتەوە، کە تێیدا ئارام بگرێت ئەو شوێنەش لەنێو ژیان و مەرگدایەو تەنها مرۆڤە یاخییەکانی تێیدا دەژین، یان بە واتایەکی تر تەنها وڵاتی مرۆڤە یاخیەکانە، وڵاتێک پڕ پڕ لە نووسەری شپرزەو ئینسانی بەگومان و بوونەوەری دڕدۆنگ. بەرزان بەردەوام دەبێت و دەنوسێت:

هێڵێکی سوور ،

شکاندنی...

گڕگرتنی ئۆقیانووسەکانی لێ ئەکەوێتەوە

تاقە هێڵێکی سوور ،

سڕینەوەی ، ئەبێتە پەرکەمێکی ئەبەدیی  ئاسمان و

تا قیامەت خۆش ناکاتەوە ،

وشەی یەکەمی ناونیشان "هێڵ" بەمانای سنوورێک دێت کە بۆ شتێک دانراوە، یان سنووردداربوون دەگەیەنێت، یان ئەو واتایە بەرجەستە دەبێت تێیدا. وشەی دووەمیش "سوور" بەمانای خوێن دێت لێرەدا وەک رشتنی خوێن بەو دەلیلەی تەواوی تێکستەکە پڕە لە کوشتن، من وای تێدەگەم کە کۆی ناونیشانەکە ئاماژەیەکی تێدایە بۆ ئەوەی شاعیر دەیەوێت هێما بۆ ئەو خاڵە بکلت  کە ئەو هێڵی سوورەی ئەو باسی دەکات هێڵێکە لەنێوان ژیان و مردنداو ئەوەی لەو هێڵەدایە بوونەوەرێکی هەڵهاتووە لە دوانەی (ژیان و مەرگ)، واتە ئەو هێلەی لەم تێکستەدا کاری تێدا کراوە نێوانی ژیان و مەرگە، یان کۆی تێکستەکە لەنێو ئەو ململانێیەی دوانەی (ژیان و مەرگ)دا دەخولێتەوە.

ڕەنگدانەوەی کولتووری توندوتیژی لای بەرزان هەستیار

ئەدۆنیس پێی وایە کە هیچ زمانێک هەرچەند ئاستی شیعری بەرزبێت، ناتوانێت گوزارشت لە واقیع بکات. زمان بێتوانایە لە ناسینی جەستەی مرۆڤ، چونکە ئەو جەستەیە بێکۆتاییە. زمان دەتوانێت تەنها کۆتایی بناسێت نەک ناکۆتایی.

بەپێی ئەم قسەیەی ئەدۆنیس بێت هەموو ئەو دەقانەی نووسراون نەیانتوانیوە گوزارشتکەری تەواوەتی بکەن لە جەستە، بێگومان ئەمە حاڵەتێکە هەیە، بەڵام باسکردنی زام و ئازارەکانی جەستە لە تێکستداو بەتایبەتیش لە تێکستی ئاوها خوێناویدا وەک (ئەمەی بەرزان) نزیکبوونەوەی زمان دەگەیەنێت لە گوزارشتکردن لە جەستە. هاوکات ئەدۆنیس لە شوێنێکی تردا لەبارەی وەزیفەی شیعرەوە دەنوسێت: وەزیفەی شیعر بریتییە تێکدان و ڕووخاندن، بریتییە لە داماڵینی ماسکەکان. دەبێ هەمیشە لەتەک خستنەڕووی هەراو دڵەڕاوکەو بومەلەرزە رۆشنبیرییەکاندا بێت. دەکرێت بپرسین ئایا بەرزان لەم شیعرەدا

ماسکی رووی خۆی لابردووە؟ وەک لە کۆی ئەم نووسینەدا دەردەکەوێت بەرزان نەک ماسکی لەسەر رووی دەرەوەی خۆی لابردووە، بەڵکو ماسکی لەسەر ناوەوەی خۆیشی لابردووەو پێشموایە ئەدۆنیس مەبەستی لەم حاڵەتەیە، کە بۆ ئەوەی شیعر بنوسین و شاعیر بین دەبێت ماسکەکان لابەرین.

لێرەوە هەوڵدان بۆ شیکردنەوەی ئەم دەقە پێویستمان بە قسەکردن هەیە لەسەر رەنگدانەوەی کولتووری کوردی لەسەر مرۆڤی کورد، کە پاشان بۆتە هۆی زەمینە رەخساندن بۆ لەدایکبوونی دەقێکی لەم چەشنە. مرۆڤی کورد بە درێژایی مێژووی بوونی لە نێو کولتوورێکی پڕ لەتوندوتیژیدا بووە، کولتوورێک کە هەناوی بە جەنگە یەک لەدوای یەکەکان خنراوەو تاکی کورد بەدەیان شێوەی جۆراوجۆرو لە چەندین ئاستی جیادا توندوتیژی بەرامبەر کراوە، من لێرەدا هەوڵدەدەم بەپێی توانا باس لە چەند ئاستێک بکەم لەو ئاستانەی کە بەشێوەی بەچاو کاریان لەسەر چاندنی ئەم کولتوورە کردووە.

لەئاستی یەکەمدا تاک لەنێو خێزاندا کار کراوەتە سەری. خێزانی کوردی، خێزانێکە کە لەسروشتی خۆیدا توندوتیژ بووە بەو پێیەی کاریگەرییە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان کاریان تێکردووە و پەروەردەیەکی تەندروستیش نەبووە تا لەسەر بونیادبنرێت.

ئاستی دووەم کۆمەڵگەیە، کاتێک خێزانەکان بەو شێوەیە توندوتیژ بن ئەوا کۆمەڵگەش توندوتیژ دەبێت، چونکە بونیادی کۆمەڵگە لەسەر خێزانەکان وەستاوەو تاکەکانی نێو خێزانن دواجار لە شوێنی ترداو بە وەزیفەی ترەوە لە کۆمەڵگەدا دەبینرێنەوە.

لە ئاستی سێیەمدا دەکرێت باسی ئەو شەڕو ئاشوبانە بکەین کە بەدرێژای مێژوو لەم ناوچەیەدا هەبووە، واتە دەکرێت بڵێن لەبەر ئەوەی رۆژهەڵات مێژوویەکی پڕ لەشەڕ و ئاشووبی هەیە، بەهۆی نەبوونی دیموکراسی و پەرەسەندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان لەم ناوچانەدا، بۆیە بەشێوە و رێژەی جیاجیا کاریگەرییان لەسەر تاکی کوردی هەبووە، چونکە ئەگەر بڕوانینە دەسەڵاتی وڵاتانی دراوسێی

کوردستانیش هیچ دەسەڵاتێکی دیموکراسی بەدی ناکەین. واتە ئەم حاڵەتە یەکێکی ترە لەو خاڵانەی بۆتە هۆی ئەوەی تاکی کوردی لە ژینگەیەکی توندوتیژدا بێت و ئەو توندوتیژیە لە سروشتیدا رەنگبداتەوە..

لێرەوە فەزاو زەمینە بۆ بۆچوونگەلێکی لەم چەشنە دروست دەبێت، کە تاک ببێتە کائینێکی توندوتیژو ببێتە کائینێک کە بەرامبەر بە ئاسانی قبوڵ نەکات، لای بەرزان ئەم ناکۆکییە ئەو سنوورەی تێپەڕاندووە کە تاک لەگەڵ دەوروبەری ناکۆک بێت،چونکە ئەمە بە شێوەیەکی دیار لەنێو ژیانی رۆژانەدا هەستی پێدەکرێت و پێویستی بە نووسینەوە نییە، بەڵکو لەم دەقەدا تاک لەگەڵ خودی خۆیدا ناکۆکە، بۆیە هەوڵی سڕینەوەی دەدات. بەرزان لەدایکبووی ئەو ژینگەیەیە کە پڕە لە توندوتیژی بۆیە بەرامبەر خودی خۆیشی توندوتیژەو لەنێو تێکستەکەدا دەستی بەخوێنی خۆی سوور دەبێت، یان وەک خۆی دەڵێت (نە، منیش لەو تاوانە حەڵاڵە دوو دڵ بم) واتە بەرزان وشیارە بەرامبەر بەوەی ئەوەی ئەنجامی دەدات تاوانە، بەڵام بە حەڵاڵی دەزانێت.

دەکرێت لێرەوە بە دیوێکی تریشدا خوێندنەوە بۆ ئەم تێکستە بکەین و بەو شێوەیە لێکی بدەینەوە کە بەشێکی زۆری رۆژهەڵاتییەکان دەزانن کە "کوشتن" تاوانە، بەڵام بەردەوامیش دەیکەن و دووبارەی دەکەنەوە. لەوانەیە روویەکی تری ئەم قسەیەی بەرزان ئاماژەیەکی خێراو سەرپێی بێت بەم حاڵەتە کە تاوانی کوشتن لەنێو ئەو گەلانەی یاسا تێیاندا سەروەر نییە، بەجۆرێک لە جۆرەکان حەڵاڵ بێت، یان شەرعییەتێکی نایاسایی هەیە کە لەلایەن تاکەکانەوە پێی دراوە. بۆیە لێرەوە دەبینین لەنێو کولتووری کوردیدا کوشتن تا دێت ئاسایی دەبێتەوەو تا دەگاتە ئەوەی لای بەرزان سووربوونی دەست بە خوێنی "خۆ"ش ئاساییبێتەوە.

دووبارە خۆکوشتنەوەی بەرزان هەستیار

بەرزان لەشیعری(کەبەرزان هەستیاریش دەمرێت) بەتەواوی وبەشێوەیەکی فیزیکی خۆی دەکوژێت. شاعیر لەم شیعرەدا دووبارە دەستی بەخوێنی خۆی سوردەبێت ودووبارە خۆکوشتن رادەگەیەنێت. سەرەکیترین پرسیار ئەوەیە بۆچی دیسان بەرزان خۆکوشتن هەڵدەبژێرێت؟ یان پرسیارەکە والێبکەین کەی مرۆڤ دەستی دەچێتە خوێنی خۆی؟ دۆرکایم لە چەند لێکۆڵینەوەیەدا بۆی دەرکەوتووە کە رێژەی بەرزی خۆکوشتن بەدی دەکرێت کاتێک یەکبوونو بەیەکەوەلکان لە کۆمەڵگا "هەستکردن بە ئەندامبوون لە کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو" لە دەست بدرێت، یان کاتێک ئەو کەسەی هەست بە ئەندامبوون لە کۆمەڵگا ناکاتو خۆی بەتاکێک دانانێت و لەدەستدانی تەواوکاری، کۆمەڵگا، خێزان، یاخود ئایین و کۆمەڵگای سیاسی. لەوانەیە ئەو "تاک"انە بەشێوەیەکی بەرچاو زیاتر رووبەڕووی خۆکوشتن ببنەوە.

رەنگە ئەو لەدەستدانەی درۆکایم باسی دەکات هۆکارێکی دروستبێت بۆ ئەوە رەنگدانەوە بەردەوامەی خۆکوژی لای ئەم شاعیرە، یان لە تاراوگە ژیانی شاعیر هۆیەکی تربێت بۆ هەستکردن بە ناپەیوەستبوونەی بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە وەک لە دەقەکەدا هەست پێدەکرێت، یان وەکو بەشێک لەلێکۆڵەرەوان دەڵێن: خۆکوشتن کردارێکی خۆویستی مرۆڤە وبڕیاری تاکرەوانەی خودە. رەنگە لای بەرزانیش خۆکوشتن لەنێو دەقەکاندائەم تەفسیرەش لەخۆ بگرێت. ئێستا با سەرنج لەبەشێکی کورت لە شیعرەکەی بەرزان بدەین:

دەستم ناچێتە خوێنی کەس ،

وەلی تۆ ، رۆژێک دێت بەو دەستانەی خۆم

لە چۆڵەوانییەکدا بتکوژم،

نە هاوارت بە کەس بگا و

نە ، منیش لەو تاوانە حەڵاڵە دوو دڵ بم

لەم شیعرەدا ئێمە رووبەڕووی "بەرزانی دووکەرتبوو" دەبینەوە، بەرزانێک کەلە ژیانی ئاسایدا دەژی وهەمان تەعامولی لەگەڵ دەکەین، بەرزانێکی ترکە لای ئێمە شاراوەیە ، لێرەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین کە هەموو مرۆڤێک دوو دیوی هەیە، دیوێکی دەرەوە کەمامەڵە لەگەڵ دەوروبەردەکات ودیوی ناوەوەش کەتەنها ئەو(کەسە) خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکات بەرزانیش خاوەنی ئەو دوو دیوەیە. لەم شیعرەدا بەرزان دیوە شاراوەکەشی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت، لەنێو دێرەکانی ئەم شیعرەدا هەست بەوالابوونی رۆحی بەرزان وهەڵڕژانی ئەو دەروونە بریندارە دەکەین کەپەنگخواردوی دەستی رۆژگارە.

خۆکوشتنی مرۆڤ وەک زانا "ئیدوین" باسی دەکات خۆکوشتن پەیوەندی بە شکستو دوودڵیو دووبەرەکی و ململانێ بۆ مانەوە لە ژیان، یان بەرەنگاربوونەوەی مانەوە لە ژێر فشاری ئەستەمەوە هەیە.

لای ئەم شاعیرەش دووبارە هەڵبژاردنەوەی خۆکوشتن بۆ بەردەوامی ئەو شکستانە دەگەڕێتەوە، کە(بەرزانی دەرەوە) بەردەوام لەگەڵیدا رووبەڕوودەبێتەوە وهەرشکستێکیش لەم خاڵەدا دەبێتەوە تێکشکانی بەردەوامی(دیوی ناوەوەی بەرزان) یان (بەرزانی ناوەوە)، لەگەڵ بەردەوامی ئەم شکستانەدا تێکچوون و ناکۆکی لەنێوان هەردوو دیوی بەرزان دەگاتە ئەوەی بکەونە شەڕەوە، کە بەرزان دەنوسێت: ئەتکوژم وەک کەسێک دوژمنی باوە کوشتەی کەوتبێتە بەردەست .

ئایا مردن خەراباتە؟

بەرزان لەم شیعرەدا ئاماژە بەوە دەکات کە مردن خەراباتە، بەڵام ئێمە دەپرسین، کە مردن خەراباتە ئەدی خۆکوشتن چییەو بۆ دووبارە مەرگ هەڵدەبژێرێتەوە؟ دەکرێت بۆ تێگەیشتن لەم حاڵەتە کەمێک بچینە لای

فەیلەسوفەکان تا بۆ تێگەیشتن لەم حاڵەتە کۆمەکمان بکەن. هایدگەر ڕای وایە کەوا مرۆڤ بێکۆتاییە، دەتوانین بڵێین هایدگەر کەوا دەڵی مەبەستی لەبێکۆتاییوونی زەمەنییە، کەئەویش چەمکێکە لەپەیوەندی لەگەڵ بوون و نەبووندا، مرۆڤ دەتوانێ لەچوارچێوەی داخراودا پەیوەندییەکانی دیاری بکات، بەڵام لەچ چوارچێوەیەکەوە؟ هایدگەر دەڵێ:"چۆن دەتوانین لەبارەی سنووردداربوون و کۆتایی مرۆڤ پرسیار بکەین؟ ئایا ئەم پرسیارکردنە بەڕاستی کارێکی جدیە؟" هەمیشە پرسیاری مردن و گەڕان بەدوای نەمریدا پرسیاری بەردەوامو جیدی مرۆڤ بووە، بەڵام هەمیشە فەیلەسوفەکان لە بێوەڵامیدا گیریان خواردووەو بەرێی تردا رۆیشتوون کە تاڕادەیەک ئەو رێگایانە تەمومژاوی بوون، یان وەڵامی بڕواپێکەر نەبوون.

هیوبرت درایفوس لەکتێبێکیدا بەناونیشانی "بوون لەجیهاندا"، کەڕاڤەکردنی کتێبی "بوون و زەمەن"ی هایدگەرە،.. دەڵآ: "هایدگەر..سونەت، وەسفکردنو شیکردنەوەیەکی نادروستی بۆ مرۆڤ کردووە. لەم ڕووەوە بەناونیشانی یەکەمین هەنگاو لەخستنەڕووەکانی خۆیدا، هەوڵدەدا شیکردنەوەیەکی تازە دەربارەی ئەوەی کە (مرۆڤبوون چییە؟) بدات بەدەستەوە. ئاشکرایە ئەنجامەکانی ئەمکارە، ئەگەر ئەنجامێکی هەبێت، بۆ هەر ژنو پیاوێک کەبیەوێ تێبگات کەخۆی چ بوونەوەرێکە، گرنگییەکی فراوانی هەیە.

لێرەدا دێینەوە بۆ ئەو وەڵامی ئەو پرسیارەی لەسەرەوە کردمان ئایا مردن خەراباتە؟ ئەگەر مردن لای بەرزان خەرابات بێت، ئەی ژیان چییەو بۆ بەرزان لێی هەڵدێت؟ ئێمە تا تێنەگەین مرۆڤ چییە؟ نازانین ژیان چییە؟و پاشانیش مردن چییە؟ لەبەر ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکە وەک لە ئایینەکاندا هاتووە جێنشینی خودایە لەسەر زەوی. لێرەوە تێدەگەین مرۆڤ کێیە؟ بەڵام وەزیفەی مرۆڤ چییە؟ ئایا مرۆڤ بەتەنها وەک بوکەڵەیەک بۆ گەمەکردن  وایە بە دەستی خالقەوەو هیچی تر. بێگومان نەخێر، چونکە ئەگەر مرۆڤ بووکەڵەبێت بەدەست خالقەوە ئەوە ئەوکات رۆڵی عەقلٍ سفر دەبێتەوە. کەواتە مرۆڤ وەزیفەی تری

هەیە جیا لەوەی کە بووکەڵە بێت. لێرەدا دەکرێت بپرسین ئایا وەزیفەی مرۆڤ چییە؟ من پێموایە وەزیفەی مرۆڤ ئەوەیە ئەزموونی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانو زەمینە جۆراوجۆرەکان بکات، یان وەزیفەی ئەوەیە کەشفی ئەو نەزانراوانە بکات کە خالق بێزاربووە لەوەی بەدوای ئەو هەموو نهێنیەدا بچێت، چونکە وەک لەسەرەوەش خستمانەڕوو بەپێی ئایینەکان مرۆڤ جێنشینی خودایە، کەواتە ئەرکەکانی ئەو لەسەر زەوی تەواو دەکات، یان بەواتایەکی تر وەزیفەی مرۆڤ تەواوکردنی ئەرکە تەواونەکراوەکانی خودایە لەسەر زەوی . ئەگەر خولقاندنی زەمین وەک لە ئایینەکاندا هاتووە حەوت رۆژی پێچوو بێت، ئەوا کەشفکردنی ئەو پەنهانانەی تێیدا ملیارانجار کاتی دەوێت تا مرۆڤ پەی بە هەموو نەزانراوەکان بەرێت. لێرەشدا رووبەڕووی بێتوانای مرۆڤ دەبینەوە بەوەی تەمەنی مرۆڤ سنووردارەو مرۆڤ دەیەوێت لەو سنوورداریە هەڵبێت ئیتر بەلای بەدەستهێنانی نەمری بێت، یان دژەکەی کە خۆکوشتنە، چونکە دواجار خۆکوشتنیش جۆرێکی ترە لە نەمریو ئەزموونکردنی شتێکە، کە مرۆڤەکانی تر بە مردنی ئاسایی ئەزموونی ناکەن.

لێرەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین کە بوون لەفیکری فەلسەفیدا لەچوار شێوەدا ئامادەیە، ئەم چوار رێگەیە "سەلاح حەسەن پاڵەوان" لە کتێبی "داهێنان و مەرگ" ئاماژەی بۆ کردووەو ئێمەش لێرەدا بەکارمانهێناوەتەوە کە ئەمانەن: (بوون لەبەرچاویدا ئەویش وەک واقیع و دیاردەکانی، بوون لەزەیندا وەک ڕوانین و چەمکەکانی، بوون لەدەستەواژەکاندا وەک دەنگ و نوتقەکان، نووسین لەنووسیندا وەک نیشانەو پیتەکان). بوون لای بەرزان لە شێوەی چوارەمدا لە کێشەدایە، لە تێکستەکەدا مرۆڤ دەبێتە دووکەرتی یەکسانو دژ بەیەک دەجەنگێتو نوسینو پیتەکان بەخوێن سوور دەبن.

دیاردەی مەرگ و ژیان لەهێرمینۆتیکیدا بریتییە لەلێکدانەوەی حەقیقی ساتەکانی دروستبوونی ژیان و مەرگ، نیچە لەجینالۆجی مۆراڵ (ڕەوشت)دا.. بەچەند بەشێک بەوردی و لەڕەوشتی ئەو دوو دژانە دەکۆڵێتەوە کەبەشدارن

لەخولْقاندنی بیری داهێنانەو، کوشتنی داهێنان. وەک خێرو شەڕ، بەد و خراپ و گوناح و ویژدان. ژیانو مەرگ نەک تەنها لای نیچە، بەڵکو لای زۆرێک لە فەیلەسوفەکان جێگای تێڕامانە بەوەی ئەگەر مردن هەیە ژیان بۆ هەیە؟ بەشێک لە بیرمەندان پێیان وایە دەبوایە مردن نەبوایە، بەڵام هەندێکی تر وەک تەواوکەری یەکتری دەبینن، یان مردن وەک دیوێکی تری ژیان دەبینن کە رەنگە واش بێت.

وەک لە شیعرەکەدا دیارە لای بەرزان ژیان خەراباتە، نەک مردن ئەگەر مردن خەراباتە بۆ پەنای بۆ دەباتو هەڵیدەبژێرێت؟ ئەمە پرسیارێکی کە وەڵامی پێویستە، خاڵێکی تر ئەوەیە کە پێدەچێت بەرزان هەردووک (ژیان و مردن) پێکەوە بەخەرابات بزانێت، بەم پێیەش هیچ دەروازەیەکی تری لەبەردەمدا نییە تا بەرەوڕووی بڕواتو ژیانیشی تاقیکردۆتەوە، بۆیە مردن هەڵدەبژێرێت تا ئەزموونی ئەویش بکات، چونکە لە ئەزموونکردنی ژیاندا گەلی تاڵی چەشتووە.

دووکەرتبوونی مرۆڤ لە کولتووری پارچەپارچەبوودا

بەرلەمن "محەمەد کوردۆ" لە گۆڤاری هەناردا وتارێکی نووسیوە لەسەر دووکەرتبوون و دوودیوی مرۆڤ لە تێکستدا، ئەو لەوێدا باسی لە کێشەیەکی نێوان (لەتیف هەڵمەت و حەمە کاکە رەش) کردووە کە هەریەکە و بەشێوەیەک باسی لەوە دەکات کە ئەو داهێنانە داهێنانی ئەوانە، کە لە شیعردا باسیان لەم حاڵەتە کردووە، بەڵام خودی کوردۆ ئەوە ساخدەکاتەوە کە ئەو حاڵەتە موڵکی کەسیان نییەو گرنگ ئەوەیە کێ بەشێوەی جوان و هونەری تێکستی پێبەرهەمدێنێت و ئەو چەندین نموونە دێنێتەوە، بۆیە من لێرەدا ناچمە وردەکاری ئەم دووکەرتبوون و دوودیوەی مرۆڤەوە، بەڵکو تەنها دەمەوێت باس لەم حاڵەتە بکەم لای بەرزان هەستیار.

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لە کتێبی (ئەزموونی خوێندنەوەدا) دەنوسێت: دەقی ئەدەبی لە گووتار پێکدێت، گووتاری ئەدەبیش بەر لە هەرچی شتێک، گوتارێکی هێماییە، لە بازنە بچووکو بونیادە قوڵەکانییەوە تادەربڕینە هێماییەکەی گوتار بەتایبەتی لە شیعردا کۆششێکی تەعبیرییەو پڕە لە دەلالەتی هێمایی جیاوازو لە شیعرێکەوە بۆ شیعرێکی تر دەگۆڕێت. لای بەرزانیش لەم شیعرەدا کەشفکردنی گوتاری سەرەکی پێویستی بەشۆربوونەوە هەیە بەرۆحی ئەو کولتورەدا کەپاچە پاچە بووە. دەق هەمیشە دەکەوێتە ژێرکاریگەرییەکانی رۆحی سەردەمەوە بەشێوەیەک لەشێوەکان دەبێتە گوزارشتکەر رۆحی تاک لەنێو سیستمێکی ژێرکاریگەرییەکانی کۆدا. کولتوری داخراوی کوردی بەتەنها لەوەدا دەستی نەبووە کەلە رووکەشی کۆمەڵگە پاش بخات، بەڵکو دەروونی مرۆڤەکانیشی بەرەو داخوران ودوورکەوتبوون چووە. بەشێوەیەک مرۆڤی نێو کولتوری کوردی بەردەوام سیمای جۆراو جۆری هەبێت، یان زیاد لەسیماو ناوەرۆکێکی هەبێت بەشێک لەتاکی کورد چ لەکۆن ولەئێستاشدا بەردەوام لەخەمی ئەوەدا بووکە جیاوازبن لەو کولتورەی هەیە، کتێکیش لەو کولتورەدا قبوڵ نەکراوە ئەوە تاک بەرەو فرە سیمای چووە. ئەمە لەحاڵەتی یەکەمدا لەحاڵەتی دووەمدا بەهۆی نەبوونی ئازادی سیاسیەوە بەردەوام بەشێکی زۆری تاک لەبەرگی ترو بەناوی تر لەسیمای تردا خۆیان پیشانی دەسەڵات ودەوروبەرداوە. ئەمەش دیسان حاڵێتکی تری دووسیمابوونی مرۆڤی کورد دەردەخات. لێرەوە زەمینە بۆ دووکەرتبوونی مرۆڤ خۆش دەبێت تادەگاتە ئەوەی لای بەرزان ئەو دووکەرتبوونە بێتە نێو تێکستەوە، کەپاشان دەست بدەنە یەخەی یەکترو هەوڵی سڕینەوەی یەکتر بدەن. لێرەدا نامەوی زیاتر لەسەر ئەم حاڵتە بوەستم، چونکە لەپێشتریش ئاماژەم بەوەدا ، بەڵام ئەوەی بۆم گرنگە ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کەدووکەرتبوونی بەرزان لەنێوان(خۆم)و(خۆم)دا دووکەرتبوونێکە نامۆنییە بەکولتوری کوردیو ریشەکە لەو کولتورەدایە کەبەردەوام نایەوێت مرۆڤ خۆی بێت، بەڵکو داوای سیمای تری لێدەکات.

سەباح رەنجدەر دەڵێت: شیعر هیچ خاڵێک راناگەیەنێت بەڵکو خاڵ دەکاتەوە، تەنیا شیعریەتیش یەکەی هەڵسەنگاندنیەتی. ئەم شیعرەی بەرزانیش دەیەوێت ئەو خاڵە بەزەقی بخاتەڕوو، کەمرۆڤە دووکەرتبووەکانی نێو کولتوری کوردی ئێستا لەململانێی بەردەوامدا لەگەڵ خۆیاندا وەختە دەستیان بەخوێنی یەکتری سووربێت.

بەرلەکۆتایی

لێرەدا بۆ قسەکردن لەسەر چییەتی شیعر دەگەڕێینەوە بۆ لای فروغی فروغزاد کە لە نامەیەکدا بۆ یەکێک لە هاوڕێکانی لەبارەی شیعرەوە دەنوسێت: شیعر گرێکە لەهەستوتاقە شتێکە کە لە هەرحاڵەتێکدا بم، دەتوانی بۆ دونیایەکی خەونئامێزو جوانم بەرێت، شیعر کاتآ جوانە کەتەواوی هەژان وسووتانە رۆحی و جەستەییەکانی شاعیر تیایدا ڕەنگیدابێتەوە . من بڕوام وایە کەدەبی بی هیچ مەرجێک گوزارشت لەهەستەکان بکری. نابی هیچ سنوورێک بۆ هونەر دابنری و گەر وانەبی، هونەر ڕۆحی ڕاستەقینەی خۆی لەدەست ئەدات . من بەم تەرزە بیرکردنەوەیەوە شیعر دەنووسم.

لێرەوە دەکرێت بڵێن هەمیشە ئەو شاعیرانەی راستگۆن لەگەڵ بیری خۆیاندا جوانتر لە شیعرەکانیاندا ژیانیان خولقاندووە، فروغ و سوهراب و نیما و شاملۆ نموونەی ئەو نووسەرە فارسانەن، کە بەراستۆییەوە ژیانێکی تریان لەنێو تێکستەکانیاندا خولقاند. بەرزانیش لەم تێکستەدا توانیویەتی ژیانێکی تر لەنێو رۆحی ئەو تێکستەدا جێبکاتەوە.

سەرچاوەکان:


* بەرزان هەستیار، هێڵی سوور -شیعر، رۆژنامەی ئاسۆ- ژمارە (788)ی ، رۆژی (782008).

*ئەدۆنیس، شوناسی تەواو نەکراو،و: نەزاد ئەحمەد ئەسوەد، لەبڵاوکراوەکانی پاشکۆی رەخنەی چاودێر ساڵی (2008).

*سەلاح حەسەن پاڵەوان، داهێنانو مەرگ-لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم (2003).

*فروغ فروغزاد، ژنێ لەبەردەم وەرزێکی ساردداو: ئازاد بەرزنجی،چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم، ساڵی (2008).

*محەمەد کوردۆ، دووکەرتبوون و دوودیوی مرۆڤ...، گۆڤاری هەنار-ژمارە (29) یۆنیۆی (2008)

*نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد،ئەزموونی خوێندنەوەدا-لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم (2006).

* سەباح رەنجدەر، مردوویەک ئاگای لە هەموان-شیعر، بڵاوکراوەی ئایندە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم (2008).